اقليم كوردستان العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
مجلس المفوضين

Kurdistan Region - Iraq
The Independent High Elections and Referendum Commission
Board of Commissioners

هەرێمی کوردستان عێراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
ئەنجومەنی کۆمسیاران

# بریار
## سکاڵا و تانەی قەوارەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

**پالپشت بە برگەی (٤) لە ماددەی (٦) وە برگەی (٢) ی مادەەی (٩) لە یاسای کۆمسیۆنی بالاّی هەلبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) سالی ٢٠١٤ و مادەی ٣١ لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ هەموار کراو ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەسەلاتی چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی ئەو تانەو سکالاو ناکۆییانەی هەیە کە لە ئەنجامی خۆ ئامادەکردن و جێبەجیٚ کردنی هەلبژاردن و راپرسیە گشتیەکان دێنە ئاراوە)، ئەنجوومەنی کۆمسیاران سەیری گشت ئەو سکالایانەی کرد کە پێشکەش کرابوون لە تۆماری دەنگدەران لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە رێکەوتی (١١/٧/٢١٠٨) تا (١٨/٨/٢٠١٨) ، ئەو سکالایە لە لایەن قەوارەی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) پێشکەش کرابوو، ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆبوونەوەی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٩/٨/٢٠١٨ سکالایەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەی یەکلایی کردەوە :**

**ئەم تانەیە کە خۆی لە (١٠) خال دەگرێتەوە لەگەل دوکۆمێنتەکان کە هاوپێچ کراون لەگەل سکالاکە بەم شێوەیەی خوارەوە سکالایەکان یەکلاییکرانەوە :**

**تایبەت بە خالی یەکەم : کە باسی پەیرەوی نویکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و پەیرەوی ئەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان دەکات کە رەگەزنامەی عێراقی کراوەتە بنەما بۆ دەنگدان ، وەلامی ئەو خالە ئەوەیە کە کۆمسیۆن یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان جیبەجی دەکات وە یاسای پەیوەندیدار بەم بابەت بریتییە لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ هەموار کراو کە لە مادەی (٢٩) هاتووە کە (لە دوای دلنیابوون لە لیهاتەی دەنگدەر لەوەی هەلگری رەگەزنامەی عێراقیە ، پسوولەی دەنگدانی رادەست دەکرێت ........) ، وەهەرەوەها بەگوێرەی وتەی وەزارەتی بازرگانی و کۆمپانیای فۆرمی خۆراك ناوی ئاوارەکان جیاکرایتەوە لە داتابەیسی فۆرمی خۆراك ، وە دەربارەی راپۆرتەکە .هیچ بەلگەنامەیەك ئاماژەی پێنەکراوە تەنها بە شێوەیەکی گشتی نوسراوە .**

**تایبەت بە خالی دووەم : فەرمانگەی گشتی پارێزگاکان بە گوێرەی خشتەی کردارەکان دەستیانکرد بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران .کۆمسیۆن لە رێگەی کەنالەکانی پەیوەندیی و میدیایی داوای لە هاولاّتیان کردووە سەردانی بنکەکان بکەن.جگە لەوەش داواکراوە لە سەرجەم حزب و لایەنەکان دەنگدەر و ئەندامانیان بۆ ئەم پرۆسە هان بدەن.**

**تایبەت بە خالی سێیەم : سەبارەت بە بوونی ناوی دووبارە لە تۆماری دەنگدەران : نمونەی ئاماژە پێکراو (کانی دلێر محمد- کانی دلێر محمد) و (محمد دلێر محمد ) و (محمد دلێر محمد).، بریاردرا بە سرینەوەیان چونکە دووبارەن و بە دوو رێنووسی جیاواز نووسراون .**

**تایبەت بە خالی چوارەم : ناوی (شهلا کمال صمد)کە بە نموونە هێنراوە لە فۆرمێکی دیکە بە تایپی جیاواز تۆمارە کە (شهله کمال صمد) نوسراوە .ناوەکە دووبارەیە بەلاّم لە دوو پارێزگای جیاوازە. جگە لە تایپی نووسینی ناوەکان بە جیاوازی .**

له فۆڕمی خۆراکی سلێمانی (٨٨١٩٩٢) ناوی به تەنها هاتووه له فۆڕمەکه.

تایبەت به خالی پێنجەم : ناوی (عبدالخالق حسن حمه) دووجار هاتووه له تۆماری دەنگدەران جارێك ناوی باپیری به (حمه) نووسراوه و له جارێکی دیکه به (حمه) نووسراوه . هەردوو ناوەکه له پارێزگای سلێمانیه و ناوی دایکیان هاوشێوەیه بۆیه کۆمسیۆن بڕیاریدا به سڕینەوەی یەکیك لەو ناوانه .

تایبەت بەخالی شەشەم : (٦٤,٠٧٦) ناو سڕکرا بوو بەم شێوەیه (٢٤٣٣٥ ناوی سەروی تەمەن ٩٠ سال) و (٣٢٢٠٠ ناوی لێکچوو) و (٧٥٤١ دەنگدەری خاوەن داهات بەرز)، ، وه بەپێی بڕیاری تری ئەنجومەنی کۆمسیاران که له (٢٥/٨/٢٠١٨) دەرچووه ناوی داهات بەرزەکان که ژمارەیان (٧٥٤١) گەراندرانەوه بۆ ناو تۆماری دەنگدەران و بنکەی تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێت له پارێزگاکاندا بۆ دەنگدان ، وه (٢٨٣٢) له ژمارەی سڕکراو فۆڕمی گەرانەویان پڕ کردوتەوه بۆیه له کۆی (٣٢٢٠٠) ناوی سڕکراو ئەوا (٢٩٣٧٧) کەس له سڕکراوەکان دەسڕێتەوه ، وه له کۆی ناوه سڕکراوەکان که ژمارەیان (٦٤٠٧٦) کەسه (٣٤٢٠٧) کەس ناویان له تۆماری دەنگدەران سڕاوەتەوه لەگەل ٢٤٢٢٥ کەسی سەرووی تەمەن ٩٠ سال .

تایبەت به خالی حەوتەم : دووبارەبوونەوەی ژمارەی فۆڕمی خۆراك له نێوان دوو یان زیاتر له پارێزگاکانی عێراق حالەتێکی ئاسایی بەرچاوه و خودی وەزارەت ئاماژەی بەو دیاردەیه داوه.

تایبەت به خالی هەشتەم : ناوی (عۆزاك قادر بارام) له دایکبووی ٢٠٠٠ له تۆماری سەرەتایی هاتووه . گوایه ناوه ڕاستیەکه هۆزانه و موالیدی (٢٠٠٢)ه، بڕیاردرا به سڕینەوەی ناوی (عۆزاك قادر بارام ) له تۆماری دەنگدەران .

سەبارەت به خالی نۆیەم : تا کراوه ئەندامانی خێزانەکان له بنکەیەکی دەنگدان کۆکراینەوه بەلام ئەگەر ناو و زانیاریەکانیان له تۆماری پێشوو بەرجەسته نەبووبێت ئەوا به گوێرەی بریکاری خۆراکی دەنگدەرەکه ،بنکەی بۆ دانراوه .

سەبارەت به خالی دەیەم : نمونەی ژمارە(٧) که ناوی دووبارەبووی تێدایه . که بریتییه له (خالد محمد صمدخان).ئەو کێشه چارەسەرکراوه و بوونی نیه له تۆماری دەنگدەرانی ئەلکترۆنی .تەنها له (PDF) هەبوو ،که دواتر چارەسەکرا .

ئەنجومەنی کۆمسیاران
٢٩ / ٨/ ٢٠١٨